# مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە
# توێژینەوەیەک دەربارەی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و ساقی...هتد) لە دیوانی مەولەویدا
## (توێژینەوەیەکی وەسفییە)

پ.د. مەهدی فاتیح عومەر
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ژینگەییەکان/ شارباژێڕ

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی ئەو جیهانە مەستییە تایبەتییەی مەولەوی دەدەین، تایبەتێتیی ئەو جیهانەیش وای لێ کردین لەسەر توێژینەوەکەمان ناونیشانی (مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە) دابنێین. لەم توێژینەوەیەدا ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی دەبینین، بەپێچەوانەی ئەو دیدە کۆنەی پێی وایە مەستبوون بێئاگاییە، بەڵکوو لای مەولەوی مەستی جۆرێکە لە بەئاگابوون، بەڵام بەئاگابوون بەرانبەر بەشە تاریك و عاسییەکانی جەستە و ڕۆح، ڕووناککردنەوەی پانتاییی تر کە لە ساتی نامەستیدا بەو شێوەیە ڕۆشن نیین.

ئەم توێژینەوە بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا بە ناوی (مەیخانەی شاعیرانە) باس لەو کەشە ئەفسووناوییەی مەستی دەکەین لای مەولەوی و شیعرەکانی خۆی دەکەینە بابەتی توێژینەوە، بەرچاوکەوتنی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و ساقی) لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا لەو مەیخانەیەی شاعیر باسی دەکات، چ بە دیوە حەقیقییەکەی و چ بە دیوە عیرفانییەکەی شایەنی لێکۆڵینەوە و سەرنجی ورد و قووڵە.

لە بەشی دوەمیشدا لەژێر ناوی (مەستی و هۆشیاری) باس لەوە دەکەین، لە دیوە عیرفانییەکەی جیهانی مەولەویدا مەستبوون بەئاگابوونە، ئەم بەئاگابوونە تیشکدانەوەی بۆ سەر جیهانی دەرەوە دەبێت. مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی چالاککردنەوەی نەست و هێنانە پێشەوەیەتی، نەست لەگەڵ سیستم و جیهان و بیرکردنەوەی باودا ڕێك نییە، چەپاندن و بیرکردنەوەی داخراو و حەرامەکانی ئایین و یاسا دیار و نادیارەکانی سیستم، نەستیان کردوە بە شوێنی شاردنەوە و ناشتنی ئەو ئایدیا و بیرکردنەوە و ئارەزوو و غەریزانەی لە ناو ئەو جیهان و سیستمەدا قەبووڵکراو یان ئاسایی نیین و لە باشترین حاڵەتدا ئاراییشتکردن و یاسا و نەرمکردنەوە و خۆگۆڕینیان پێویستە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ زیان جارجار بێنە دەر. کە مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی ئەم ڕووبەرە چالاك دەکات و ڕۆشناییی دەخاتە سەر، ئیتر ڕەهەندی قووڵی ئەو ئاگاییەی لە مەستیدا هەیە و دەبێتە لانکی پرسیار و گومان بۆ سەر سیستم و ژیان بەگشتی.

مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی جۆرێکە لە هۆشیاربوونەوە بەرانبەر ئەو ملکەچییەی مرۆڤی کردوەتە کۆیلەی هێزی بانسروشتی و کەلتووری بازاڕ، کە لە سایەیدا ژیانی بووەتە چەند فۆڕم و هیوایەت و خەونێکی سادە و تەنها بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك پێداویستی و ئاییندەی ساکار یان پاداشتی ئەو دونیا بژی، کە هەر خودی سەرمایەداری کردوونیەتە پێداویستی و ژیانی مرۆڤیان لە ناو ئەم بازاڕەدا ون کردوە و لە ڕەهەندی گەردوونیی داماڵیوە، مرۆڤی ئێستا کەمتر لەو سەرەداو و ڕایەڵانە دەگرێت، کە بەرەو ڕەهەندە ڕازئامێز و نهێنی و نادیار و قووڵەکانی ناخی خۆی دەیانبات، بەڵام مەستی (بەتایبەت ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی) دەتوانێت و دەشێت ئەم کارە بکات. لە ڕێرەوی ئەم توێژینەوە وەسفییەدا بە هەموو ئەو شیعرانەی مەولەویدا دەچینەوە و لە پاڵیدا بەپێی میتۆدی هێرمینۆتیکی ڕۆشنایی دەخەینە سەر چەندین چەمکی عیرفانی و باسەکە بە چەندین سەرچاوە دەوڵەمەند دەکەین، لە کۆتایشدا جگە لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخەینەڕوو.

**کلیلە وشە:** مەی، شەراب، مەستی، خەیاڵ، ساقی، مەیخانە، جامی بادە.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەی لێرەدا بە ناونیشانی (مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە) ئامادە کراوە، بریتییە لە باسێک دەربارەی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی، مەیخانە و ساقی...هتد) لە دیوانی شاعیری کورد، مەولەویدا، ئەم هەوڵ و کۆششە لە بنەڕەتدا پێکدێت لە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیی شیکاری و دەیەوێت جیهانی مەستیی عیرفانییانەی ئەم شاعیرە بناسێنێت.

شتێکی ئاشکرایە، وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی، مەیخانە و ساقی...هتد) لە دیوانی مەولەویدا لە جیهانێکی تایبەتی و ڕەمزی بەکار هاتوون و دوورن لەو مانا باو و ڕۆتینییەی ئەم وشانە کە هەموو دەیانزانین و لەسەریان ڕاهاتووین، بۆیە توێژینەوەکەمان دەیەوێت ئەو جیهانە تایبەتییە ئاشکرا بکات و ئەو مانا ڕەمزی و کەشە عیرفانییە بخاتە ڕوو کە لای مەولەوی و لە دیوانەکەیدا ئەفرێنراون.

sjh@univsul.edu.iq

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

دەتوانین لێرەدا ئەم دوو خاڵە وەک گرفتی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان بکەین:

١- ئەمڕۆ سیستم تەنها ئەو شتە بە دیوی پەنهان و نائاشکرای مرۆڤ دەزانێت کە سایکۆلۆژیای باو و تەقلیدی ناوی لێ دەنێت نەست و تەنها لەوەدا سادە و کورتی دەکاتەوە کە دەبێتە پاڵنەری کاری خراپ و دزێو و دۆزینەوەی هۆکاری هەندێک یان زۆربەی یان هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ. ئاشکرایە ڕەخنەگرتن لە سیستم و هەوڵی لەقاندن و خستنی پایەکان، تەنها بە خۆپیشاندان و هێرش و بەرکەوتنی فیزیکی ناکرێت، بەڵکو سەرەتا کرانەوەی سنووری بیرکردنەوە و ئەندێشە و خەیاڵ ڕۆڵ دەگێڕن، مەستییش دەلاقە و ئاسۆیەکە بۆ ئەو کردنەوەیە و شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوە، شکاندنی بەربەستێک کە لای سارتەر بە بیرکردنەوە لە ئازادیی وجوودیی مرۆڤ بەرجەستە بووە و لای بیریاران و فەیلەسووفانی تر بە چەشنی تر .

٢- مەستی نانووسرێتەوە، ئەوانەی مەستی دەنووسنەوە خۆیان مەست نین، یان مەست بوون و ئێستا بەری داون دوای مەستی لە ژێر کاریگەریی ئەو چێژەی لە مەستی وەریان گرتوە، باسی مەستی دەکەن، ئەوان باسی ئەو جیهانە دەکەن کە خۆیان ئەو کات دروستیان کردوە، نەك خودی مەستی خۆی، بۆیە باسکردنی مەستی وەك باسکردنی عەشق و خەم درۆیەکی گەورەیە، شاعیران وەك چۆن بە باسی عەشق دەیانەوێت گرێیەکی غەریزی بشارنەوە و ڕەهەندێکی قووڵ و پرسێکی گەورە و پیرۆز بە زۆرگوتنەکانیان ببەخشن، هەروەها بە باسی خەم ڕەهەندێکی مرۆیی و کاریگەر و ئیستاتیکیی ساختە دروست دەکەن، هەر ئاوهایش بە باسکردنی مەستی، خودی مەستی لەکەدار و بێ بەها دەکەن و دەیکەنە بەهانەی دروستکردنی دۆخێك بۆ بەباکردنی خەیاڵ و حەز و دونیای وەهمییان.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

بەرچاوکەوتنی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی، مەیخانە و ساقی) لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا و لەو مەیخانەیەی مەولەویی شاعیر باسی دەکات، چ بە دیوە حەقیقییەکەی و چ بە دیوە مەجازی و عیرفانییەکەی شایەنی لێکۆڵینەوە و سەرنجی ورد و قووڵە، بۆیە لێرەدا ئەو پانتاییە دەبێتە بواری لێکۆڵینەوەکە و سەرنجی ئەو جیهانە مەستییە تایبەتییەی مەولەوی دەدەین، تایبەتێتیی ئەو جیهانەیش وای لێ کردین لەسەر توێژینەوەکەمان ناونیشانی (مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە) دابنێین. لەم توێژینەوەیەدا ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی دەبینین، بەپێچەوانەی ئەو دیدە کۆنەی پێی وایە مەستبوون بێئاگاییە، بەڵکوو لای مەولەوی مەستی جۆرێکە لە بەئاگابوون، بەڵام بەئاگابوون بەرانبەر بەشە تاریك و عاسییەکانی جەستە و ڕۆح، ڕووناککردنەوەی پانتاییی تر کە لە ساتی نامەستیدا بەو شێوەیە ڕۆشن نیین.

**گرنگی هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان:**

لێرەدا دەتوانین بە چەند خاڵێك ئاماژە بۆ گرنگی پشت هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان بکەین، کە بەدڵنیاییەوە پێوەندیی نێوان ناونیشان و بابەت پێوەندییەکی ڕاستەوانەیە و تەواو لە یەکەوە نزیکن، کە هەر دەبێت وایش بێت، لەم توێژینەوەیەدا ناونیشانی سەرەکی (**مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە**) ناونیشانێکی ڕەمزی نییە، واتە بە سومبول، ئاماژە بۆ بابەتێك یان ناوەرۆکی بابەتەکە نەکراوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بابەت و ناونیشان گوزارشت لە یەکتری دەکەن، پاشان ناونیشانی دووەم **(توێژینەوەیەک دەربارەی چەمک و وشەگەلی وەک "جام، بادە، شەراب، مەی و ساقی...هتد" لە دیوانی مەولەویدا)** زیاتر مەبەستی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە، کە لێرەدا دەکرێت وەک دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی تەواو، ئەم خاڵانە بە هۆکاری هەڵبژاردنیان دیاری بکەین:

١- مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی چالاککردنەوەی نەست و هێنانە پێشەوەیەتی، نەست لەگەڵ سیستم و جیهان و بیرکردنەوەی باودا ڕێك نییە، چەپاندن و بیرکردنەوەی داخراو و حەرامەکانی ئایین و یاسا دیار و نادیارەکانی سیستم، نەستیان کردوە بە شوێنی شاردنەوە و ناشتنی ئەو ئایدیا و بیرکردنەوە و ئارەزوو و غەریزانەی لە ناو ئەو جیهان و سیستمەدا قەبووڵکراو یان ئاسایی نیین و لە باشترین حاڵەتدا ئارایشتکردن و یاسا و نەرمکردنەوە و خۆگۆڕینیان پێویستە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ زیان جارجار بێنە دەر. کە مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی ئەم ڕووبەرە چالاك دەکات و ڕۆشناییی دەخاتە سەر، ئیتر ڕەهەندی قووڵی ئەو ئاگاییەی لە مەستیدا هەیە، دەبێتە لانکی پرسیار و گومان بۆ سەر سیستم و ژیان بەگشتی.

٢- مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی جۆرێکە لە هۆشیاربوونەوە بەرانبەر ئەو ملکەچییەی مرۆڤی کردوەتە کۆیلەی هێزی بانسروشتی و کەلتووری بازار، کە لە سایەیدا ژیانی بووەتە چەند فۆرم و هیوایەت و خەونێکی سادە و تەنها بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك پێداویستی و ئایندەی ساکار یان پاداشتی ئەو دونیا بژی، کە هەر خودی سەرمایەداری کردوونیەتە پێداویستی و ژیانی مرۆڤیان لە ناو ئەم بازاڕەدا ون کردوە و لە ڕەهەندی گەردوونیی داماڵیوە، مرۆڤی ئێستا کەمتر لەو سەرەداو و ڕایەڵانە دەگرێت، کە بەرەو ڕەهەندە ڕازئامێز و نهێنی و نادیار و قووڵەکانی ناخی خۆی دەیانبات، بەڵام مەستی (بەتایبەت ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی) دەتوانێت و دەشێت ئەم کارە بکات، یان ڕاستتر بە شێوەی پرسیاریی لێ بکەین: ئایا مەستی (بەتایبەت ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی) دەتوانێت و دەشێت ئەم کارە بکات؟

sjh@univsul.edu.iq

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**
لێکۆڵینەوەیەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە و ئەو دەرەنجامانەی دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیان بگەین، بە یارمەتیی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێبازە هەنگاوی بۆ دەنێین، لە ڕێرەوی ئەم توێژینەوە وەسفییەدا بە زۆربەی ئەو شیعرانەی مەولەویدا دەچینەوە کە چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و مەیخانە و ساقی) لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا لەو مەیخانەیەی مەولەویی شاعیر هاتوون و لە پاڵیدا بەپێی میتۆدی هێرمینۆتیکی ڕۆشنایی دەخەینە سەر چەندین چەمکی عیرفانی و باسەکە بە چەندین سەرچاوە دەوڵەمەند دەکەین.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**
ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا بە ناوی (مەیخانەی شاعیرانە) باس لەو کەشە ئەفسووناوییەی مەستی دەکەین لای مەولەوی و شیعرەکانی خۆی دەکەینە بابەتی توێژینەوە، بەرچاوکەوتنی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و مەیخانە و ساقی) لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا لەو مەیخانەیەی شاعیر باسی دەکات، چ بە دیوە حەقیقییەکەی و چ بە دیوە عیرفانییەکەی شایەنی لێکۆڵینەوە و سەرنجی ورد و قووڵە.
لە بەشی دووەمیشدا لەژێر ناوی (مەستی و هۆشیاری) باس لەوە دەکەین، لە دیوە عیرفانییەکەی جیهانی مەولەویدا مەستبوون بەئاگابوونە، ئەم بەئاگابوونە تیشکدانەوەی بۆ سەر جیهانی دەرەوە دەبێت. کاتێك ئایین بە هەر هۆکارێک بێت مەی حەرام دەکات، یان سیستمێک یاسا و ڕێسای مەرجی تەمەن و کات و شوێن و...هتد، بۆ مەیخواردنەوە دادەنێت، ئەوان؛ چ ئایین یان سیستم پاساوگەلی وەك زیانی بۆ تەندروستیی بەکارهێنەر و باری ئاسایی خەڵکی تر و...هتد دەهێننەوە، بەڵام جیهانە مەستییەکەی مەولەوی نایەتە ژێر ئەم یاسا و دیسپلینکردنەوە، چونکە مەولەوی دەیەوێ جیهانی مەستیی خۆی لەو هۆشیارییە تایبەتییە دانەبڕێ کە لە ساتی ئاساییدا زەحمەتە هەبێت، هۆشیارییەك گومان و پرسیاری ترسناك بەرەو ڕووی بیرکردنەوەی ئاسایی دەکاتەوە. لە کۆتایشدا جگە لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخەینەڕوو.

**بەشی یەکەم:**
**مەیخانەی شاعیرانە:**
لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا لە ژێر ناوی (مەیخانەی شاعیرانە) دەمانەوێت باس لەو کەشە ئەفسووناوییەی مەستی بکەین لای مەولەوی، لەو ڕێگەیەیشدا شیعرەکانی خۆی دەکەینە بابەتی توێژینەوە. کە دەگەڕێین و ورد دەبینەوە، بەرچاوکەوتنی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و مەیخانە و ساقی) لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا لەو مەیخانەیەی شاعیر باسی دەکات، چ بە دیوە حەقیقییەکەی و چ بە دیوە عیرفانییەکەی شایەنی لێکۆڵینەوە و سەرنجی ورد و قووڵن، بۆ ئەم مەبەستەیش بە پشتبەستن بە مانای فەرهەنگیی عیرفانییانەی ئەم چەمکانە، دەمانەوێت هەندێکیان لە ناو دیوانەکەی مەولەویی شاعیردا بەسەر بکەینەوە، هەروەها بۆ مانای حەرفی و لێکدانەوەی وشەکان و وەرگێڕانی بۆ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست پشت بە دیوانی مەولەوی بە لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس دەبەستین و وەک خۆی لێکدانەوەی وشەکان و وەرگێڕانی بەیتە شیعرییەکان لە پەراوێز دادەنێینەوە، تا کێشەی تێگەیشتن بۆ خوێنەر دروست نەبێ، لێرەیشدا هەر یەکەیان دەکەین بە ناونیشانێک:

**مەستی:**
لە چەندین شیعری مەولەویدا ئەم وشەیە دەدۆزینەوە:

**ویت واتەن هەر کەس شەوان بێداربۆ**
**مشیۆ مەست زەوق بادەی مەی خار بۆ**

واتە: (تا جوان بووم و هێزم تیابوو شەونوخونیم کێشا، وە پەلەم بوو بۆ نۆشکردنی پیاڵەی پڕ لە شەرابی بە تۆ گەیشتن. ئێستە ئیتر هێزم تیانەماوە و چاوەڕێی پاداشتی ئەو شەونخونییەم، چونکە خۆت فەرمووتە هەر کەس شەو بە بێداری ڕۆژ بکاتەوە، ئەبێ لە ئەنجاما وە لە پاداشتی ئەو شەو بێدارییەیا سەرخۆشی چەشنی پیاڵەی پڕ لە مەی بێ.)(مودەڕیس، 1384: ل١٥٦). ئەم چەمکە و هەموو ئەو وشانەی لێوەی دروست دەکرێت، یان ڕێژەکانی تری وشەکە وەک: (مەستی، مەستان، مەستبوون، مەستەبە، سەرمەست، بەدمەست... هتد) لە فەرهەنگی عاریفاندا زۆر دێنە بەر چاو و لە ئەدەبیاتی سۆفییاندا بە تایبەت شیعردا زۆر بەکار دەهێنرێت، ئەم وشەیە لە نێو ئەم فەرهەنگەدا چەمکێکی فرەتەئویلە و دەکەوێتە بەردەم لێکدانەوەی جیاجیا. مەست لە فەرهەنگی عاریفانە وا پێناسە دەکرێت، (سەرسامیی عاشقە بە بینینی جوانیی یار و دولبەرەوە، سەرسامییەکی ڕازئامێزە، ڕۆحی مرۆڤ وەک گەوهەری عەقڵ کە دەکەوێتە ژێر کاریگەیی ئەم جوانییەی مەعشووقەوە، هەست بە خۆشی و دڵەلەرزە و جەزبە دەکات، ئەمە مەستیی پێی دەگوترێ چونکە سیفاتەکانی وەکوو مەستی ئاساییە، هۆی بزربوونی نووری عەقڵ لە مەستیی، واتای زاڵبوونی نووری دڵبینییە.)(الحفني، ١٩٨٠: ل١٣٢). لە دیوانی مەولەویدا هاتووە:

**خۆ من هەر جە زوو وە مەیلت مەستم**
**هەر جان فیداکەی ڕۆکەی (الست) م**

sjh@univsul.edu.iq

واتە: (بۆ کەسێ باشە نامەی پڕ لە ڕازی خۆشەویستی بنووسێ کە تازە لە سەرچاوەی خۆشەویستی دەستنوێژی گرتبێ، خۆ من هەر لە کۆنەوە سەرخۆشی خۆشەویستی تۆم و لە ئەزەلەوە گیانفیدام.)(مودەڕیس، ١٣٨٤: ل٣٢٢). ئەم وشەیە لێکدانەوە و باسی تر زۆر هەڵدەگرێ، پێناسەی تری زۆر بۆ دەکرێت، بە چەندین گوزارشت و دەربڕین هەوڵ دەدرێت بخرێتە قاڵبی پێناسەیەکەوە، فەرهەنگێکی تر دەڵێت، (مەستی لای ئەهلی حەق لەهۆشخۆشچوونێکە بە هۆی هاتووێکی (وارد) بەهێزەوە و دڵشادی و چەشتن بە ڕێبوار دەدا و لە لەهۆشچوون بەهێزتر و تەواوترە، مەستی مەی لای ئەبووحەنیفە ئەوەیە کە زەوی و ئاسمان لەیەکدی جودا نەکاتەوە و لای ئەبوویووسف و شافیعی ئەوەیە کە مەستەکە قسەکانی تێکەڵوپێکەڵ بێ و لای هەندێکی دیکە ئەوەیە کە لە ڕۆیشتندا لایدا بێ و سەری خۆی پێ ڕانەگرێ.)(شوان، ٢٠١٠: ل٣٠٣). هەروەها دیسان لە فەرهەنگێکی تری عاریفانەدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکرێت، (مەستی یەکێکە لە حاڵەکانی دەروێش، کە تووشی دابڕانی دەکات لە غەیری خودا، هەروەها گوتراوە گەمارۆدانی عەشق و کۆی سیفەتە دەروونی و دەرەکییەکانە، ئاماژەیە بۆ بێهۆشی و سوکری یەکەم.)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٩٤٤) لە سۆفیگەریدا مەستبوون و سەرسامی بە خودا کۆڵەکەیەکی گرنگە و ئەوان دەگەڕێنە سەر وتەیەکی پەیامبەر کە نزای کردوە: (اللهم زدني فيك تحيرا) واتە (خودایە لە خۆتدا سەرسامبوونم زیاد بکە و کەسی مەست و سەرسامیش حەیرانە) بەپێی ئەم جۆرە لێکدانەوانە بۆ مەستی (لێرەدا مەستی و سەرخۆشی لە یادکردنی خودا و بینینی بە چاوی دڵ، چەشتنی بینین و نۆشینی مەی دەشێ حیرەت و مەستی تێدا بەرجەستە دەبێت.)(عربي، بدون سنه الطبع: ل١٩٨). باسەکە بە نموونەیەکی تر لە دیوانی مەولەویدا ڕەنگین دەکەین:

**خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکەی (ألست)**
**دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست**

واتە: (ئەی کەسێ کە لە ڕۆژی پرسیارەکەی خوادا لە ناو موسوڵمانانا سەرحەڵقە بووی، وە ئەی کەسێ کە مەست بووی بە نەشئەی بای توانەوە لە خۆشەویستی خوادا.)(مودەڕیس، 1384: ل٢٤٦). هەروەها لە فەرهەنگی عیرفاندا چەندین جۆری تری مەستی پێناسە کراوە و ناسێنراوە لەوانە بەدمەستی و مەستی خراپ دەڵێن ئەوەیە: (بەدمەست کە تەواو لەسەرخۆی چووبێت و لە عەشقی خودابیدا هیچ ئاگاییەکی نەمابێت.)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٩٤٥) یان مەستەبە کە دەڵێن: (لە زماندا مەستەبە بە مانای سەکۆ، هەیوان، جێیەک بۆ نیشتەجێبوونی ڕێبواران دێت، هەروەها بە مانای مەیخانە و مەیکەدەش هاتووە)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٩٤٥). هەروەها چ لە فەرهەنگی ئاسایی و چ لە فەرهەنگی سۆفییاندا خومار بە مانای مەست لێک دراوەتەوە، مەولەویش لە دیوانەکەیدا چەند جارێ ئەم وشەیەی بەکار هێناوە، (لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا مەست و خومار بە عاشقی سەرگەردان گوتراوە.)(باباسعیدي، ١٣٨٤: ل٣٧٠). خومار لە دیوانی مەولەویدا هەیە و شاعیر دەڵێت:

**یەک دڵ بوو چەنی عەشقی دیدارت**
**گیان کەروو فیدای دیدەی خومارت**

واتە: (یەک دڵ ببمەوە لەگەڵ عەشقی دیداری تۆدا و گیانم بکەم بە قوربانی چاوی مەستت.) (مودەڕیس، ١٣٨٤: ل٤٠٠)، هەروەها جارێکی تر ئەم وشەیە دەبینین:

**جەی گۆشەی خاستەر نییەن مەسکەنێ**
**ساقی گیان ئامان خومار ئەشکەنێ**

واتە: (کاکەی مەیگێڕ دەخیلتم شوێنم لەم شوێنە باشتر نابێ، پیاڵەیەک شەرابی بیرکردنەوەم بدەرێ چاری دەردی بێ ئاگایی خۆمی پێ بکەم. مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیری زۆر وردی بەکارهێناوە کە شەرابی بە دەرمانی هۆشکردنەوە داناوە، وە مەبەستی لە بێ هۆشی گوێ نەدانە بە پاش مردن.)(مودەڕیس، ١٣٨٤: ل٤٣٩).

**جام:**

لە ئەدەبیاتی کلاسیک و ئەدەبیاتی عیرفانی زۆر بەکار هاتووە، ئەم کەرستەیە، فەرهەنگەکان دەڵێن: (دەفرێکی مسین یا زەردی قووڵی دەم پەلە)(خاڵ، ٢٠٠٥: ل١٢٠) بە (شووشە و ئاوێنە)یش (خاڵ، ٢٠٠٥: ل١٢٠) باس کراوە، هەروەها لە فەرهەنگێکی تری وشەی کوردیدا بە (قاپ، زەرک، دەفری قووڵی چکۆلە لە کانزا، تاس)(شرفکندی، ١٩٩٠: ل١٨٠) لێک دراوەتەوە، ئەوەی لێرەدا لە ئەدەبی کلاسیک و فەرهەنگی عیرفانیدا مەبەستمانە هەر ئەو لیوانەیەکە کە مەی تێ دەکرێت: لە دیوانی مەولەویدا دەیان جار ئەم وشەیە دێتە بەر چاو:

**جامت جەم ئاسا لەب ڕێز کەر جە مەی**
**پێم نۆش کەر وە یاد بەزم ئارای کەی**
**مەستی وە پیران جوانی مدۆ**
**هێز دووبارەی زرانی مدۆ**

واتە: (کاکەی مەیگێڕ پێم بە زەنجیری پیری بەسراوەتەوە، دەخیلتم وەختی ئەوەیە بگەیتە فریام، گورجوگۆڵ بەو بە هەڵەداوان بە لەنجەولار وەرە پیاڵەیەکم بۆ پڕکە لە شەراب و بە یادی کۆڕی ئاهەنگی گەورەگەوران دەرخواردمی دە، چونکە مەستی پیران جوان ئەکاتەوە و دووبارە هێز ئەداتەوە بەر ئەژنۆیان.)(مودەڕیس، 1384: ل٤٦٧). جام لە فەرهەنگی عیرفانیدا (بە دڵی عارفی ڕێبوار دادەنرێت، دەڵێن کەشتیی ناسینی خودایە، هەندێکیشیان جام بە جەستە دەشوبهێنرێن و لە بادە پاککردنەوەی جەستەیە، ئەوە عاریفە لە جامی بادەی خوایی دەنۆشێ.)(باباسعیدي، ١٣٨٤: ل٢٨٠) هەروەها فەرهەنگێکی

sjh@univsul.edu.iq

تری عاریفانە بەو شێوەیە باسی جام دەکات: (مەبەست لەو کاسە دەمپەلە چکۆلەیە، کە شەرابی تێدا دەخورێتەوە، بە گشتی، لە گڵ یان مینا دروست دەکرێت، لە عیرفاندا بە گەلێک مانای جیاواز هاتووە. لای هەندێکیان بە حاڵەکان دەگوترێت جام، هەندێکی دیکە، جام بە جیلوەگای دەرکەوتنی خودا و دەرخەری نووره بێکۆتاکانی دادەنێن، کە ئەم جیلوەیە دەکرێت لە مەقامی شێوەی نهێنی، یان شێوەی ڕۆحی، یان شێوەی میهر و سۆزدا بێت، ئەم جیلوەگایە، دڵی عارفە، بە هۆی تەیکردنی ڕێگەی سلووکەوە، دڵی جەلا داوە و بووتە جامێک، نووری خودای تێدا دەردەکەوێت.)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٣٤٥). مەولەوی دەڵێت:

**هام ڕاز ئاخ و داخ، ناڵە نەوای نەی**

**دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی**

واتە: (ئاخ و داخ هاودەنگییەتی، هاوار و ناڵە ئاوازەی شمشاڵیەتی، دڵی کەبابییەتی، چاوی پیاڵەی شەرابیەتی، خەم مەیگێڕیەتی، شەرابەکەشی خوێنی دڵیەتی.)(مودەریس، 1384: ل١٦١). جام لە فەرهەنگی سۆفی و عاریفاندا هەندێ جار بە (پێک)یش هاتوە، ئەم کەرەستەیە زۆر بەشی لێ دەبێتەوە، واتە چەندین جۆر جام هەن: جامی بادە، جامی عەشق، جامی تەهوور، جامی ئەلەست، جامی جیهان نما، جامی جەم، جامی سوبحانی جامی چل کلیلە، جامی عەشق، جامی ئەعتەبنا.. هتد. کە لێرەدا ئەوانەی بۆ توێژینەوەکەی ئێمە گرنگن، پێناسەکانیان دەخەینە بەرچاو: (جامی مەی: مەبەست لە شەرابی حەقیقەتە، بە دڵی عارف دانراوە، تێیدا نووری شاراوە دەبینرێت، ڕاستەقینەی بوون پەیی پێ دەبرێت.)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٣٤٩) هەروەها ئەوەی زۆر بەربڵاو و لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بەرچاو دەکەوێت جامی عەشقە کە بە عەشقی خودایی لێک دەدرێتەوە و دەڵێن (عارفان دەباتە ناو جیهانی ڕۆحانییەوە، لە دەوروبەر و کات و شوێن بێئاگایان دەکات.)(سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٣: ل٣٤٨), هەروەها هەر لە ئەدەبیاتی سۆفی و عارفاندا جامی تەهوور هەیە، ئەمەش (مەبەست لە شەرابی تەهوورە، کە لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە. "بادەی پاکی پێ نۆشاون" شەرابێکە، کە پاک و پاککەرەوەیە، تەنانەت لە کتێبەکانی تەفسیردا هاتووە، ئەو شەرابەی کە بەهەشتیان دەینۆشن، پاشەڕۆی لێ دروست نابێت، بەڵکو بە شێوەی، ئارەقەیەکی بۆنخۆشی میسک سا، لە جەستەیانەوە دێتەدەر، کە بۆنی لە عەنبەر دڵگیرترە. لەم بارەوە چەندین گێڕانەوە لە کتێبەکانی ڕاڤە و فەرموودەدا هەن و عاریفان خواستوویانە بۆ باسکردن لە مەعریفەت و مەحەببەتی خودا.)(سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٣: ل٣٤٥). دوا نموونەی (جام) لە دیوانی مەولەوییەوە:

**هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی**

**وادەی دەورتەن، هانا هەی ساقی!**

**دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە**

**ژەنگی دڵ وە جام مەی بماڵەوە**

**ئیحیام کەر وە جام سافی یەک مەنی**

**بەڵکوو بمانوون، پەی غەمێ هەنی**

واتە: (بە هەزار حاڵ نیوە هەناسەیەکم تیاماوە، سا مەیگێڕ هاوار وادەی گەڕانتە بە سەرمانا، نازەنیانە بە پیاڵەی مەیەوە خولێ بخۆ بە دەورمانا و بە جامی مەی ژەنگی دڵمان بسڕەوە، وە بۆنکردنی گوڵی دەردی دولبەر زۆر خۆشە، وە بە چەشتنێ تامی خەمی یاران بەلەزەتە. کەواتە بێ بە هانامەوە و مەیەڵە بمرم، بە جامێ شەرابی سافی یەک مەنی زیدووم بکەرەوە، بەڵکو بمێنم بۆ هەندێ خەم و خەفەتی تر لە پاشەڕۆژا.)(مودەریس، 1384: ل٦٦).

**مەی، بادە، شەراب:**

مانای ئەم سێ وشەیە لە یەکەوە نزیکن، گەر هاومانای تەواویش نەبن هەر بە شێوەیەک مانایان دەچنەوە سەر یەک، ئەمانە چەمکگەلێکی زۆر بەربڵاوی فەرهەنگی عاریفان و سۆفییانن، لەم ئەدەبیاتەدا بەلێشاو بەکار دەهێنرێن، ئەوەیش ڕوونە کە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراونەتەوە، مەولەویی شاعیریش زۆر بەکاری هێناوە:

**ناڵەم نەی ئاسا ئاڵەم گرت نە وەر**

**شیشەی مەی پەمەت نە گۆش بەراوەر**

**چە تۆ قەهقەهە، چە پیاڵە مەی**

**چە ساقی ها دەی، چە ئێمە با بەی**

**مەڵلا چە کەسرەت لەوحش بۆ سادە**

**مەنسووخ نەزانۆ حەڵاڵی بادە**

واتە: (ناڵەم وەک شمشاڵ عالەمی گرتووەتەبەر، کەواتە تۆ بۆچی گوێت لێ نییە ئەی شووشەی مەی تا بە فریام بگەی. دەسا لۆکە لە گوێت دەرکە و برژێرە ناو پیاڵە با گوێم لە قاقای دارژانەکەت بێ و پیاڵەش پڕ ببێ لێت و مەیگێڕ پێم بڵی فەرموو بگرە و منیش بڵێم با بێت، وە با ببێ بە قەرەباڵغییەکی وا لەبەر زۆری خەڵکەکە مەلا هیچی لەبەر نەمێنێ و نەزانێ ئایەتی حەڵاڵی مەی هەڵوەشاوەتەوە. لە سەرەتای ئیسلامدا مەی خواردنەوە حەرام نەبووە.)(مودەریس، ١٣٨٤: ل٤٧٧-٤٧٨).

هەروەها لە چەندین شیعری تری مەولەویدا جامی (بادە) هاتووە:

**هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ**

**حەڵاڵی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ**

واتە: (مادەم کە ئەو مرد ئیتر با شەرع فتوای حەڵاڵ بوونی شەراب خواردنەوە بدا، چونکە قوڕگی خەڵک پڕ بووە لە گریان وە لە شەراب بەو لاوە بە هیچی تر چاک نابێتەوە، کەواتە شەراب خواردنەوە دروستە، وە با شەرع فتوای حەڵاڵی پۆشینی بەرگی ئازیەتی بدا.)(مودەریس، 1384: ل١٣٢). لە فەرهەنگیکدا بەم شێوەیە باسی ئەم چەمکانە دەکات: (بادە: هاوواتایەکی مەیە و لە ئەدەبیاتی عیرفانی بەتایبەتی لە شیعری عیرفانی بەڵێشاو بەر چاو دەکەوێت، لە شیعرە عیرفانییەکان بەم جۆرە هاتووە کە بادە و مەی لە گەشەی ئەو عەشقەوەیە کە بەردەوام لە گەشە و قاڵبوونەوەدا بووە، هەندێ جاریش پێی گوتراوە بادەی عیرفان.) (باباسعیدي، ١٣٨٤: ل١٧٧). هەروەها شەرابیش وا باس کراوە: (بە زاڵبوونی عەشق دەگوترێ و بەرەهایی درکەیە لە مەستی خۆشەویستی و جەزبەی حەق، عەشق و زەوق و مەستییان بە شەراب چواندووە.)(سەرچاوەی پێشوو، ١٣٨٤: ل٤٨٩)، مەولەوی دەڵێت:

**جە دەس بێگانان یاوون ڕەهایی**

**مەس بوون وە شنۆی مەی ئاشنایی**

واتە: (ڕزگارم ببێ لە دەست بێگانە و بە شنەی شەرابی ئاشنایی دۆست مەست ببم.) (مودەریس، 1384: ل٤٨٥)، یان:

**با بەی مەی بەڵکم ئایر مەستی**

**سۆچنۆ یەکسەر خاشاک هەستی**

واتە: (ئازیز سوێندت ئەدەم بە عەشقی پیاڵەی شەرابی چاوە مەستەکانت و بە تێکچوویی زوڵفەکانت لە داوێنی سەرویێچەکەتەوە، پیاڵەیەک شەرابم بدەرێ، بەڵکو ئاگری سەرخۆشی پل و پووشی بوونم بە یەکجاری بسووتێنێ و ڕزگارم بکا.)(مودەریس، 1384: ل٥٣٠). یان:

**نەوای ناڵەی دڵ وێنەی سەدای نەی**

**پیاڵەی زوخاو مەنۆشوو چون مەی**

**کەواو پارچەی جەرگ سینەی برێشتاو**

**ڕەحمت بۆ یە نەی، یە مەی، یە کەواو**

واتە: (ئەو شتانەی کە هۆی خۆشی و ڕابواردنن بریتین لە ئاواز و مەی و کەباب، من ناڵەی دڵم وەک ئاوازی شمشاڵ وایە و لە جیاتی شەرابیش پیاڵەی زوخاو ئەنۆشم و پارچەی جەرگی ناو سینەی برژاویشم کەبابمە، دەسا میهرەبانیت ببێ و لەگەڵم ئەمە ئاواز و مەی و کەباب.) (مودەریس، 1384: ل٤٥٣).

بادە بە هەمان شێوە هەر مەبەست لێی شەراب و مەیە، کە لە فەرهەنگی عاریفاندا بە مانای عەشق دێت، (کاتێک عەشقەکە لاواز دەبێت، کەسانی ئاساییش هەیانە، هەروەها بۆ عەشقی سالیکی قۆناغی سەرەتایی دەکەوێتە بەر چاو.)(عراقي، ١٣٥٣: ل٦٠)، نموونەی تر لە دیوانی مەولەوییەوە:

**سەدای دەف و نەی بەیۆ نە گۆشت**

**نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت**

**بویەر جە سای تەرز دەف و نەیەوە**

**وە زات مەستی نەشئەی مەیەوە**

واتە: (با دەنگی دەفی دەروێش و شمشاڵی شمشاڵژەن بێتە گوێت، وە نەشەی مەیەکەیش هۆشت بژێنێتەوە.... بەو ئازایەتییەوە کە پەیدا ئەبێ لە سەرخۆش بوون بە نەشەی مەی، لە سایەی شێوەی لێدانی دەف و شمشاڵ تێپەڕە.)(مودەریس، 1384: ل٣١١).

**مەیخانە:** لە فەرهەنگی عاریفاندا، (مەیخانە درکەیە بۆ جیهانی لاهووت، هەروەها تەکیە و خانەقا، کە ڕابەر و مورشید و پیر ڕێنمایی موریدانی دەکات تێیدا.)(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ل٩٦١). مەولەوی دەڵێت:

**خوم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم**

**چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم**

واتە: (شیشەی دڵم وەکوو پیاڵەی خاڵی وایە هیچی تیا نییە.)(مودەریس، 1384: ل٥٢). مەیخانە لە زاراوەی سۆفییەکاندا لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ و لە فەرهەنگەکاندا ئامادەیە (بە دەروونی عارفی کامڵ دەگوترێ کە شەوق و چەشتن و زانیارییە خواییەکانی زۆر تێدایە، هەروەها بە واتای جیهانی لاهووتیش دێت.)(شوان، ٢٠١٠: ل٣٢٧). باسەکە بە نموونەی دیوانی مەولەوی قەشەنگ دەکەین:

**تا هیممەت وازوو وە یەک پەیمانە**

**خاڵی بۆ چێمەیچ گۆشەی مەیخانە**

واتە: (بەڕاتی خۆم بە تەواوی دەسگیربووە بە ڕاستەوخۆ و بە حەواڵە بۆسەر سەرکار، وە هەر تەنیا پیاڵەی شەرابی مەرگم ماوە، درەنگە ئەویشم بدەرێ با بە نۆش کردنی داوای هیممەت و بەرەکەتتان لێ بکەم و بڕۆم و گۆشەی مەیخانەی جیهان منیشی تیا نەمێنێ.)(مودەریس، 1384: ل٤٨٠). مەیخانە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا **بە** مەیکەدەیش هاتووە و هاوواتای مەیخانەیە، بەڵام هەندێ مەیکەدە (بە هەنگاونان بۆ موناجاتکردن و ڕاز و نیاز دادەنێن.)(عراقي، ١٣٥٣: ل٦٠) هەروەها

هەندێکی تر بە مەیخانە و کۆڕی یاران و دۆستان و خانەقا و دڵی مورشیدی کامل دەڵێن، هەروەها مەیکەدە لە فەرهەنگی سۆفیانە (بە مەیخانە و کۆڕی هاودەمی دۆستان و خانەقا و دڵی ڕابەری کامڵ دەگوترێت.)(باباسعیدي، ١٣٨٤: ل٧٥٤).
خەراباتیش جۆرێکی تری شوێنی مەیخواردنە، چونکە لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگاکانی موسوڵماناندا، مەیخواردنەوە بە هۆی حەرامبوونیەوە خواردنەوەی بە ئاشکرا و ئاسایی کارێکی شیاو و بڵاو نەبووە، بۆیە مەیخواردنەوە لە سەردەمانی پێشتر زیاتر لە شوێنی لاچەپەک و پەراوێزی و جێگای چەشنی کەلاوە بوو و ئەو شوێنانە دەبوونە خەرابات و شوێنی مەیخواردنەوە، هەروەها دەڵێن مەیخۆران بەدەمەست دەبوون، بۆیە ئەو شوێنی مەیخواردنەوانە بە خەرابات ناو دەبران. هەروەها خەرابات لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا (بەدسیفەتیی مرۆڤ و لەناوچوونی بوونی جەستەییە، هەروەها گوتراوە خەرابات بریتییە لە وێرانیی وەسفەکانی نەفسی و ڕەوشتی ئاژەڵی و وێرانبوونی هێزی تووڕەیی و ئارەزوو و خووڕەوشت و گۆڕانی ئاکاری بەد و چەوت.) (شوان، ٢٠١٠: ل ١٠٩).

**ساقی:**

لە زاراوەی سۆفییەکاندا ساقی بە فەیزدەری ڕەها دەگوترێت کە شەرابی خۆشەویستی بە عاشقانی دەدات و ئەم ئایەتە (وسقاهم ربهم شرابا طهورا)(الانسان: ٢١) ئاماژەیە بەوە چونکە ئەم مەیگێڕە کە ئەو شەرابە بەو ئادەمیزادە دەدا لە چڵکی خۆپەرستی ڕواڵەت و لە بەندی پەیوەندییە مەتریاڵییەکان ڕزگاری دەکات. (ساقی: بە ئاوگێڕ و مەیگێڕ دەگوترێ، فەیزدەر و ئارەزووبەخش کە بە کەشفی ڕەمز و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکان دڵی عارف ئاوەدان دەکاتەوە.)(شوان، ٢٠١٠: ل١٧٩).
لە دیوانی مەولەویدا هاتووە:

**قەدەم ڕەنجەکەر وە لای کارەوە**
**بنچینەم وە تەرح مەی هۆردارەوە**
**عەمارەتیوەن بیناش باقی بۆ**
**ئاو مەی، خاک دوردی، بەناش ساقی بۆ**

واتە: (ئەی وەستا بەنا کە تاڵی شاوڵی خواناسیت بە دەستەوەیە، وا باش وەستای بەرزکردنەوەی هەموو دیوارێکی، زەحمەت بکێشە تەشریف بێنە بۆ سەر ئیش، وە بە مەی ڕەنگی خانووەکەم برێژە و بنچینەکەی دیاری بکە.... چونکە تەنها ئەو کۆشکە نارۆخێ و ئەمێنێتەوە کە مەی کرابێ بە ئاوی قوڕگرتنەوە بۆی، وە خەڵتەی شەرابی بۆ کرابێ بە قوڕ، وە مەیگێڕ بیناکەی دروست بکا.)(مودەریس، 1384: ل٣٠٦). لە بارەی ساقییەوە ئیبن عەرەبی گوتوویەتی: (بریتییە لە فەیزی ڕابەر و پێشکەوتوانی ڕێی خواناسی و حەقیقەت کە بە کەشفی ڕاز و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکان دڵی عارفەکان ئاوەدان دەکاتەوە و هەروەها بە وێنەی نموونەیی و جوانیش دەگوترێ کە بە بینینی ئەو وێنانە بێخودی و مەستیی خوایی لای ڕێبوار بە دیار دەکەوێت، هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: مەبەست لە ساقی لای ڕێبواران شێخی کامل و ڕابەری کامڵکەرە، هەندێ جاریش بێژەی ساقی بە ناونیشانی سیفەتی حەق دەگوترێ چونکە ئەو شەرابی عەشق و خۆشەویستی بە عاشق نۆش دەکات تا مەحووی دەکاتەوە و بەرەو نەمانی دەبات ئەوەیش حاڵەتێکە جگە لە ئەهلی چەشتن و بینین کە لە عەشقی خوایی فانین نابینرێن.)(شوان، ٢٠١٠: ل١٧٩). ساقی لە فەرهەنگی عیرفاندا ڕەمزە بۆ زاتی حەق، لەو ڕووەوە کە دەخوازێت دەرکەوێت و مەبەستی خۆی ئاشکرا بکات. هەندێک جاریش (مەبەست لە پیرە، کە شەرابی یەزدانی، سالیکان بەرەو دنیای مەلەکووتی دەبات، زاراوەکانی ساقی و مەیخانە و مەینۆش هەموویان پەیوەندییان بە جیهانی مەلەکووتییەوە هەیە.)(لاهیجي، ١٣٨١: ل٥٨٤). مەولەوی دەڵێت:

**وەی بڵێسەوە گەردێم باقی یەن**
**وادەی ئایرین بادەی ساقی یەن**

واتە: (بەهۆی بڵێسەی ئەم هەموو ئاگرەوە سووتاوم و تەنها کەمێک تۆزم لێ ماوەتەوە، ئەنجا نۆبەی ئەوەیە مەیگێڕیش بە شەرابە ئاگرینەکەیەوە بێتە سەرم.)(مودەریس، 1384: ل٥٢٩). هەروەها دەڵێت:

**ساقی، ترس دەرد دووری جەمین گۆل**
**وەسڵم چێ کەردەن وە ژاری قاتڵ**
**هەر کاتێت زانا فەڵەک کەڵەک بەست**
**دامنەکەی وەسڵم بەرداوە جە دەست**

واتە: (کاکەی مەیگێڕ ترس دوورکەوتنەوەی ئەم دۆستە جوانە تازە هاتووەم بە یەکگەیشتنەکەمانی لێ کردووم بە زەهری کوشندە، هەر ئەوەندەت زانی گەردوون پیلانێکی بۆ نامەوە داوێنەی وەسڵی لە دەست سەندم.)(مودەریس، 1384: ل٤٨٤).

**قسەی کۆتایی لەبارەی مەیخانەی شاعیرانە:**

بەرچاوخستنی وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی، مەیخانە و ساقی...هتد) لە دیوانی مەولەویدا و هێنانەوەی شیعرەکان هەر بەتەنیا جەختکردنەوە نییە لەوەی کە ئەم چەمکە هەر بە وێنەی بەکارهێنانیان لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی عیرفانیدا لە جیهانێکی تایبەتی و ڕەمزی بەکار هاتوون و دوورن لەو مانا باو و ڕۆتینییەی ئەم وشانە کە هەموو دەیانزانین و لەسەریان ڕاهاتووین، بۆیە گەرچی توێژینەوەکەمان لەم بەشەدا تەنیا لە دەوری ئەم ئامانجە خولایەوە و ئەو جیهانە تایبەتییەی ئاشکرا کرد و ئەو مانا ڕەمزی و کەشە عیرفانییەی خستە ڕوو، کە ئەم چەمکانە لای مەولەوی و لە دیوانەکەیدا

sjh@univsul.edu.iq

ئەفرێنراون، بەڵام دەرخستنی ئەو جیهانە و شوبهاندنی بە مەیخانەی شاعیران بە مەبەستی دەرخستنی جۆرێک لە هۆشیاریی تایبەتە لای شاعیر کە لە بەشی دووەم لێی دەکۆڵینەوە.

**بەشی دووەم:**

**مەستی و هۆشیاری:**

وەک لە بەشی یەکەمدا بینیمان ئەو هەموو جارە (کە بەدڵنیاییی ئێمە نموونەی کەممان لە دیوانەکە هێناوەتەوە و شیعرەکانی مەولەوی چەندان جاری تر چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی، مەیخانە و ساقی) تێدا بەکار هێنراوە، ئەویش لە کەشی شیعریی (مەستی، بێهۆشی و خەیاڵ) دا و لەو مەیخانەیەی مەولەویی شاعیر ئەفراندوویەتی. لەم بەشەدا لەو کەشە شیعرییە چ بە دیوە حەقیقییەکەی و چ بە دیوە مەجازی و عیرفانییەکەی دەکۆڵینەوە و سەرنجی لێ دەدەین، بۆیە لێرەدا ئەو پانتاییە دەکەینە بواری لێکۆڵینەوەکە و سەرنجی ئەو جیهانە مەستییە تایبەتییەی مەولەوی دەدەین. سیمای ئەو جیهانەیش ناونیشانی (مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە)ی لەسەر توێژینەوەکەمان پێ داناوین. لە ژێر ئەو ناونیشانەدا باسی پێوەندیی مەستی و هۆشیاری دەکەین، لێرەوە ئەو جیهانە مەستییەی مەولەوی باس دەکەین، بەپێچەوانەی ئەو دیدە کۆنەی پێی وایە مەستبوون بێئاگاییە، بەڵکوو لای مەولەوی مەستی جۆرێکە لە بەئاگابوون، بەڵام بەئاگابوون بەرانبەر بەشە تاریك و عاسییەکانی جەستە و ڕۆح، ڕووناککردنەوەی پانتاییی تر کە لە ساتی نامەستیدا بەو شێوەیە ڕۆشن نیین.

لەم بەشەدا باس لەوە دەکەین، لە دیوە عیرفانییەکەی جیهانی مەولەویدا مەستبوون بەئاگابوونە، ئەم بەئاگابوونە تیشکدانەوەی بۆ سەر جیهانی دەرەوە دەبێت. کاتێك ئایین بە هەر هۆکارێک بێت مەی حەرام دەکات، یان سیستمێک یاسا و ڕێسای مەرجی تەمەن و کات و شوێن و...هتد، بۆ مەیخواردنەوە دادەنێت، ئەوان؛ چ ئایین یان سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن پاساوگەلی وەك زیانی بۆ تەندروستیی بەکارهێنەر و باری ئاساییی خەڵکی تر و...هتد دەهێننەوە، بەڵام جیهانە مەستییەکەی مەولەوی نایەتە ژێر ئەم یاسا و دیسپلینکردنەوە، چونکە مەولەوی دەیەوێ جیهانی مەستیی خۆی لەو هۆشیارییە تایبەتییە دانەبڕێ کە لە ساتی ئاساییدا زەحمەتە هەبێت. هۆشیارییەك گومان و پرسیاری ترسناك بەرەو ڕووی بیرکردنەوەی ئاسایی دەکاتەوە، بەر لەوە ئەمە ڕوون بکەینەوە، باس لە مەی و مەستی لە ڕووی میسۆلۆجی و مێژووی قەدەغەکردنی و پاشان چاوگی مەستی و مەی لە بەردەم تەئویلی جیاجیادا دەخەینە ڕوو:

**میسۆلۆجیای مەی:**

مرۆڤ لە دێرزمانەوە ئاشنای مەی بووە، ژیار و گەلانی گێتی مەی لایان شتێکی نامۆ نەبووە، ئەو ماددەیە کە چەندین جۆر و سیفەتی هەیە، هەر لە کۆنەوە هەندێک ڕەتیان کردوەتەوە و دژایەتییان کردوە و تا ئاستێك قەدەغە و حەرامیان کردوە و سزایان بۆ بەکارهێنەرانی داناوە، هەندێکیش لایان ئاسایی بووە و یان تەنانەت بەجۆشوخرۆشەوە پەسەندیان کردوە و کردوویانە بە بابەتێکی دڵخواز و پەسەندی خۆیان و وەک هۆکاری کەیف و خۆشی و سەرگەرمی و تا ڕادەی پێویستیی ژیان سەیریان کردوە. خەڵک چ عەرەب بن یان لە گەلانی تر، پێش هاتنی ئیسلام لەگەڵ مەیدا ئاشنایەتییان هەبووە، لە ترێ و خورما و جۆ و مێوژ و گەنمەشامی مەییان دروست کردووە، بۆ زۆر لە خاوەنانی ئەم ماددە شلە هەبوونی مەی و خاوەندارێتییەکەی هۆکاری شانازی و بەخۆدانازین بووە، لە چەندین کەلتوور و سەردەمیشدا، مەیخواردنەوە وەک پایەبڵندی و دەوڵەمەندی و جۆرێک ژیانی ڕاقی سەیر کراوە.

مەبەست لە **میسۆلۆجیای مەی** ئەو ڕیوایەت و باوەڕ و لێکدانەوە سەرەتایی و بێبنەما و نازانستییانەیە کە لە بارەی مەی و دروستکردنی و بەکارهێنانی لە ناو گەلاندا لە کۆنەوە باو بووە، ئەمانە وەک کۆمەڵێک میسۆلۆجیا لە بارەی مەیەوە سەیر دەکرێت، لەبارەی بیروباوەڕی خەڵکی پێش ئیسلام لەبارەی مەیەوە (شەمسەدینی کوڕی محەمەد)، کە ساڵی( ٨٥٩ك)دا مردووە، لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا (حلبه الكميت) دەڵێت: (یەکەم جار شەیتان بوو ترێی بۆ دروستکردنی شەراب، بۆ قابیل و نەوەکانی گوشی)(نواجي، القاهيره: ٢٥٦)، هەروەها (دەمیری) لە کتێبی (حياه الحيوان الكبرى) دەڵێت: (دەڵێن کاتێك ئادەم دارمێوێکی لە بەهەشت ناشت، شەیتان هات و تاوسێکی لە بنی سەربڕی، درەختەکەیش لە خوێنی تاوسەکەی خواردەوە، درەخت گەڵای کرد، ئەم جارە شەیتان مەیموونێکی لە بن دارەکەدا سەربڕی، درەختەکە لە خوێنی ئەویشی نۆشی، کاتێك بەری داهێشت، شێرێکی بەسەرەوە سەربڕی و لە خوێنی شێریشی نۆشی، بەری درەخت پێگەیشت، بەرازێکی لە بن سەربڕی و درەختەکە لە خوێنی بەرازەکەیشی نۆشی، بۆیە ئەوەی مەی دەخواتەوە هەر چوار وەسفەکەی ئەمانە هەڵدەگرێ، ئەوەڵ کە دەینۆشێت، ڕەنگی پێستی بە وێنەی تاوس دەکرێتەوە و جوان دەبێت، کاتێك کاریگەریی مەستییەکەی دەردەکەوێت، وەك مەیموون یاری دەکات و چەپڵە لێ دەدات و دەکەوێتە سەما، کاتێکیش ئاستی مەستییەکەی زۆر دەبێت، دێتە سەر سیفەتی شێر، گێچەڵ دەکات و دەست دەوەشێنێت و قسەی بێتام دەکات، پاشان وەك بەراز دەغەزرێت و مەیلی خەو دەکات و بڕستی لێ دەبڕیت.)(الدميري، ١٤٢٤: ٢٧٦).

**مەی پێش هاتنی ئیسلام:**

مەی پێش هاتنی ئیسلام لەو کۆمەڵگایانەی دواتر بوونە موسوڵمان، یاساغ نەکرابوو، باسی مەیخانە و مەستی و کۆڕی مەیخۆران زۆر دەبیسترێت و هەیە، شاعیرانی عەرەبی پێش ئیسلام، ئاشنای مەی بوون و لە شیعرەکانیاندا ئەم چەمکە دەبینرێت، لە یەکێك لە موعەللەقاتەکانی عەنتەرەی کوڕی شەدداديشدا ئەم وشەیە دێتە بەرچاو:

**ولقد شربت من المدامه بعدما ركد الهواجر بالمشوف المعلم**

sjh@univsul.edu.iq

**بزجاجـه صفراء ذات أسـره          قرنت بأزهر في الشمال مقـدم**
**فإذا شـربت فإنني مستهلـك          مالـي و عرضي وافر لم يكلـم**
**واذا صحوت فما أقصر عن ندى          و كما علمت شمائلي و تكرمـي** (أبوعبدالله، ١٩٩٣: ١٦٧)

واتە: (تەنانەت لە قرچەقی گەرماش بە پیاڵەی هەڵکۆڵراو شەرابم دەخواردەوە، پیاڵەیەکی شووشەی زەرد، کە چەند هێڵێکی لەسەر کرابوو، لە کن قۆرییەکی سپیی سەرقەپاتەوە دامنابوو، تا لە قۆرییەکەوە مەی بکەمە ناو پیاڵەکەوە. من کە مەی دەنۆشم، بەخشندەم و ماڵی خۆم تەخشان دەکەم، و بۆیە دەخۆمەوە تا ئابڕووی خۆم لەکەدار نەکەم- ئەی یار وەختێ دێمەوە سەر خۆ، هێشتاش هەر بەخشندە و بەرکەماڵم و وەک خۆمم).

**هاتنی ئیسلام و قەدەغەکردنی مەی:**

که پەیامی ئیسلام بە نیوەدوورگەی عەرەبدا بڵاو بووەوە، وردەوردە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو شوێنانە گۆڕان کە ئەو ئایینەیان تێدا بڵاو کرایەوە و خەڵک شوێنی کەوتن، ئەو ئایینە بە پێی دەقی پیرۆزی ئایینی، حوکمی یاساغ و قەدەغە و حەرامکراوەکانی بڵاو دەکردەوە، سەرجەم گێڕانەوەکان لەوەدا کۆکن کە حەرامکردنی مەی لە ئیسلامدا لە سەرەتاوە نەبووە و بەپێی قۆناغ و پلەبەندی بووە، تا لە کۆتاییدا مەی بەتەواوی حەرام کراوە، خواردنەوەی سزای بۆ دانراوە. بە پێی باوەڕی ئیماندارانی ئایینی ئیسلام، حەرامکردنی مەی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ خۆیەتی، تا بە هۆی مەستییەوە زیان بە خۆیان و موسوڵمانان نەگەیەنن، پێیان وایە هەر شتێک سوودی زیاتر بێ لە زیانی ئاساییە و حەڵاڵ کراوە، هەر شتێکیش زیانی زیاتر بێت لە سوودی حەرام کراوە، لە باوەڕیی ئایینی ئیسلامدا مەی لەو شتانەیە کە زیانی زۆرە بۆیە حەرام کراوە، لە قورئاندا (یسألونك عن الخمر و الميسر قل فيهما اثم كبير و منافع للناس و اثمهما أكبر من نفعهما) (البقره:٢١٩). هەروەها پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموویت: (الخمر أم الخبائث).(حديث حسن ذكره الألباني في السلسله الصحيحه: ١٨٥٤)، هەروەها دەفەرموویت: (عەرەق دایکی فاحیشەکانە و لە تاوانە هەر گەورەکانە، هەر کەسێک بیخواتەوە تووشی ئەوە دەبێت بچێتە لای دایکی و خوشکی باوکی).(حديث حسن بشواهده قاله الألباني في السلسله الصحيحه (١٨٥٣).(ویب، ٢٠١٣).

لە قورئانی پیرۆزدا لە شەش شوێندا وشەی (خمر) هاتووە، (البقره ٢١٩. المائده ٩٠،٩١، محمد ١٥، یوسف ٣٦، ٤١.) ئەم بەکارهێنانە هەندێکیان بۆ ئەوە بوو مەی قەدەغە بکەن، یەکێکیان وەسفی ئەرێنییە بۆ بوونی جۆرێکی تر لە شەراب لە بەهەشت، بەم جۆرە بەکارهێنانی وشە لەم ئاستە دوو دیوە، وای کردوە لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت و ئەم لێکدانەوە جیاوازەیش بووە هۆی ئەوەی مانای جیاواز لە مانا ئاساییەکەی لە چەمکەکە بکرێتەوە. (بەشی یەکەمی گوتاری قورئان لە بارەی نەهیکردن لە مەیی دونیاییەوە ڕاستەوخۆ و بێ وپێچوپەنا دژایەتیی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەڵام هەرچی بەشی دووەمە نەک هەر مەی قەدەغە نییە، بەڵکوو ستاییش دەکرێت و بە خواردنەوەیەکی خۆش و جێگای چێژوەرگرتن لای ئەو کەسانەی کە دەیخۆنەوە دایدەنێت، وەک سوورەتی محەمەد ئایەتی ١٥، نموونە و وێنەی ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران بدرێت، بریتییە لە چەندین ڕووباری ئاوسازگاری تام نەگۆڕ، هەروەها چەندین ڕووباری شیر کە تامی تێکنەچووە و چەندین ڕووبار لە شەرابی تامخۆش و بۆنخۆش، کە ئەوانەی دەیخۆنەوە، هەرگیز لێی بێزار نابن و بە چێژەوە دەینۆشن.)(خۆشناو، ٢٠١٦: ١٢١) ئەم لێکدانەوە وەک وتمان دەرگایەک لە چەمکی مەی دەکاتەوە و تەئویل بکرێت و مانای جیاواز لە مانای ئاسایی لێ بار بکرێت، بۆیە دەستەواژەیەکی تر دێتە ئاراوە کە بە مەیی خودایی ناوی دەبەین.

**مەیی خودایی:**

بەپێی لێکدانەوە ئایینییەکان و بەگوێرەی باوەڕی ئایینی، مەیی بەهەشت و مەیی دونیا زۆر جیاوازن و بە یەکتری بەراورد ناکرێن، مەیی بەهەشت مرۆڤ مەست ناکات، واتە عەقڵ و هۆشیاریی مرۆڤ لە ساتی مەستیدا لاواز یان لە کاری ناخات، وەك لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە (يطاف عليهم بكأس من معين (٤٥) بيضاء لذة للشاربين (٤٦) لا فيها غول ولا هم عنها ينزفون (٤٧) (الصافات) واتە: (لە پەرداخی تایبەتیدا شەرابی تایبەتیان بەسەردا دەگێڕن، شەرابەکە زۆر سپی و بەلەزەتە بۆ ئەو کەسانەی نۆشی دەکەن، نە دەبێتە هۆی سەرئێشە و هێڵنجدان، نە وەك شەرابە ناپوختەکانی دونیا مەست و بێهۆشیان دەکات)، هەروەها (يتنازعون فيها كأسا لا لغو فيها ولا تأثيم (٢٣)) واتە: (بە دڵخۆشییەوە لە جامی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جار جار بۆ خۆشی و گاڵتە لە یەکتری دەستێنن، دوور لە ڕەفتاری ناشرین و گوناه و تاوانبارکردنی یەکتر).

ئەو شێوە باسکردنەی دەقە قورئانییەکان بۆ مەیی بەهەشت، پێوەندیی بە مانای وشەی مەی (لە زمانی عەرەبیدا: خمر)ەوە هەیە، بۆ نموونە وەکوو چۆن سەرپۆش (الخمار) ئاوەزی مرۆڤ دادەپۆشێت، بە هەمان شێوە مەیی بەهەشتە، سپییە و ئەو کەسەی دەیخواتەوە پێی مەست نابێ، نابێتە هۆی نارەحەتی و گرفت بۆ جەستە، هاوکات ئەوەی دەینۆشێت تووشی لەکۆنترۆڵدەرچوون و قسەی نەشیاو و بێئاگا قسەکردن نابێ، کە مەستیی ئاسایی دروستی دەکات.

مەیی خودایی گوزارشتە لە چێژێکی پوخت، ئەوەی مەیی ئاسایی لە دنیادا پێی دەناسرێتەوە و بەسەر مرۆڤی دەهێنێت، لە مەیی خوداییدا نییە و نابینرێت و لێوانلێوە لە وەسفی ئەرێنی و لایەنی چاکە و خۆشی بۆ مرۆڤی بەهەشتی.

**مەولەوی و مەی:**

ئەو مەیەی مەولەوی باسی دەکات، مەیی خوداییە، ڕاستە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەی و پێکهاتەکانی یان مەستی و چەمکەکانی تر لای مەولەوی، پێویستمان بەوەیە لە کۆنتێکستی دەقەکاندا بە دوای پەیوەندییەکانی مەی لەگەڵ چەمکەکانی تر

sjh@univsul.edu.iq

بگەڕێین، چونکە ئەگەر شیعری سۆفیگەریانەی مەولەوی لە هەندێک ڕوودا وەک وێنەکانی غەزەل و بەکارهێنانەکانی شیعری مەستانە، لاسایی ئەدەبیاتی عیرفانیی کردبێتەوە بە جۆرێک لە وەسفی جامی بادە و بۆن و بەرامەی مەی و مەیخانە و کۆڕ و دیوانی مەیخۆران و ساقیاندا، دایەلۆگی نێوان ساقی و مەیخۆر و مەستبوون تێیدا، لاساییکەرەوە بووبن، ئەوەی گرنگە مەولەویی لەو مەستییە خوداییە جۆرێک هۆشیاری دەدۆزێتەوە.

ئەو هەموو جارە بەکارهێنانی چەمکەکانی (مەی و مەیخانە و مەستی، جامی بادە و ساقی) لە دیوانی مەولەویدا جۆرێک لە کەرنەڤاڵی مەستیی لەم دیوانەدا ئافرێنراوە، کەرنەڤاڵێک کە شاعیر لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکەکاندا سەما دەکات، مەستیی جەستەی عاریفانەی مەولەوی جووڵەی مەستانەی تایبەت بە خۆی دەکات، جووڵەکان تێکەڵەیەکن لە هەڵچوون و نەشئە و شادی. سەما جەستەی عاریفانەی مەولەوی دەخاتە سەر ڕیتمێک کە جووڵەکانی هارمۆنیایەک دروست دەکەن، و لەبری هەست بە گوناه، هەستی شادی دەخولقێنن و بۆ خوێنەریش هەستێکی تەواو ئیستاتیکی.

**مەستیی هۆشیارانەی مەولەوی (خوێندنەوەیەکی ناعیرفانی):**

مەولەوی بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ مەیی خوداییدا دەکات، سەرەنجام ئەو مەستییەی دەیگرێت مەستییەکی هۆشیارانەیە. بە پێی خوێندنەوەی عیرفانی، لە جیهانە عیرفانییەکەی مەولەویدا مەیەک شاعیر مەست دەکات، کە زیاتر لە دۆخی بەئاگابوونە نەک بێئاگایی. خوێندنەوەی ناعیرفانییانە بۆ جیهانی مەستیی مەولەوی وایە، مەستی لای مەولەوی چالاککردنەوەی نەستە. گەورەترین بەشی عەقڵی مرۆڤ "نەست"ە، کە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی ئاسان نییە بیانهێنینەوە ناو پانتاییی ئاگایی خۆمانەوە. نەست پێکدێت لە زۆر شت کە ڕەگوڕیشەیان لەوێدایە، وەکوو: پاڵنەر و غەریزەکان، یان ئەو شتانەی ناتوانین سەیریان بکەین، وەکو ئەو سۆز و یادەوریانەی تووشی سەرسامیمان دەکەن. نەستی مرۆڤ سەرچاوەی هاندەر و پاڵنەرەکانیەتی، جا ئەو پاڵنەرانە سادە بن، وەك حەزی خواردن و سێکس، یان پاڵنەری هونەرمەندان و زانایان، بەڵام ئێمە هەمیشە ڕێگرین لەوەی ئاگادار بین لەو هاندەرانە و هەمیشەش لە ژیانماندا دەمامکمان بەسەردا داون.

نەست لەگەڵ سیستم و جیهان و بیرکردنەوەی باودا ساز و هاوتەریب نییە، چەپاندن و بیرکردنەوەی داخراو و حەرامەکانی ئایین و یاسا دیار و نادیارەکانی سیستمی بەڕێوەبردن و سیاسی، سەرجەم تایبەتمەندییەکیان بە نەست داوە کە بووە بە شوێنی شاردنەوە و ناشتنی ئەو ئایدیا و بیرکردنەوە و ئارەزوو و غەریزانەی لە ناو ئەو جیهان و سیستمەدا قەبووڵکراو یان ئاسایی نیین و لە باشترین حاڵەتدا ئارایشتکردن و یاسا و نەرمکردنەوە و خۆگۆڕینیان پێویستە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ زیان جارجار بێنە دەر. کە مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی ئەم ڕووبەرە چالاك دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر، ئیتر ڕەهەندی قووڵی ئەو ئاگاییەی لە مەستیدا هەیە، دەبێتە لانکی پرسیار و گومان بۆ سەر سیستم و ژیان بەگشتی.

سایکۆلۆژیای باو و تەقلیدی نەست بە دیوی پەنهان و ناشکرای مرۆڤ دادەنێت و لەوەدا سادە و کورتی دەکاتەوە کە دەبێتە پاڵنەری بەدکاری دۆزینەوەی هۆکاری هەندێك یان زۆربەی یان هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ. ئاشکرایە ڕەخنەگرتن لە دۆخی نەخوازراوی جیهان، تەنها بە نارەزایی و بەرکەوتنی توند ناکرێت، بەڵکوو سەرەتا کرانەوەی سنووری بیرکردنەوە و ئەندێشە و خەیاڵ ڕۆڵ دەگێرن، مەستییش هێزێکە بۆ شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوە.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێک کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو:

١- زۆری و بەربڵاوی چەمکەکانی (مەی، مەیخانە، جامی بادە، ساقی، مەستی) لە دیوانی مەولەویدا وامان لێ دەکات ئەو دیوانە بە مەیخانەیەکی شاعیرانە بچوێنین.

٢- مەی لای مەولەوی مەیەکی خوداییە و هەر ئەوەیش مانا بە چەمکەکانی تر دەبەخشێت و بە ماناکانی خۆی بارگاوییان دەکات.

٣- دەکرێت خوێندنەوەیەکی ناعیرفانییش بۆ مەستبوونی عیرفانییانەی مەولەوی بکرێت بە سوودوەرگرتن لە دەروونشیکاری و ڕۆڵ و دەرکەوتەکانی نەست، مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی، ڕووبەری نەست چالاك دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر، ئیتر ڕەهەندی قووڵی ئەو ئاگاییەی لە مەستیدا هەیە، دەبێتە هەوێنی پرسیار و گومان.

٤- ئەوەی دەمانەوێت زۆرتر جەختی لێ بکەینەوە، مەستبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی هۆشیاربوونەوەیە نەک بێئاگایی، هۆشیاربوونەوە بەرامبەر جیهان و سروشت و بوون.

٥- بە خوێندنەوەیەکی ناعیرفانییانە، مەستیی عیرفانییانەی مەولەوی، ئاسۆیەکە بۆ کردنەوە و شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوە و چرۆکردنی هۆشیاریی نوێ بۆ جیهان و بوون.

٦- جارێکی تر ئەو دەرەنجامەی سەرەتا توێژینەوەکەمان دەنووسینەوە: مەستی نانووسرێتەوە، ئەوانەی مەستی دەنووسنەوە خۆیان مەست نین، یان مەست بوون و ئێستا بەری داون دوای مەستی لە ژێر کاریگەریی ئەو چێژەی لە مەستی وەریان گرتوە، باسی مەستی دەکەن، ئەوان باسی ئەو جیهانە دەکەن کە خۆیان ئەو کات دروستیان کردوە، نەك خودی مەستی خۆی، بۆیە باسکردنی مەستی وەك باسکردنی عەشق و خەم درۆیەکی گەورەیە، شاعیران وەك چۆن بە باسی عەشق دەیانەوێت گرێیەکی غەریزی بشارنەوە و ڕەهەندێکی قووڵ و پرسێکی گەورە و پیرۆز بە زۆرگوتنەکانیان ببەخشن، هەروەها بە باسی خەم ڕەهەندێکی مرۆیی و کاریگەر و ئیستاتیکیی ساختە دروست دەکەن، هەر ئاواهیش بە باسکردنی

sjh@univsul.edu.iq

مەستی، خودی مەستی لەکەدار و بێ بەها دەکەن و دەیکەنە بەهانەی دروستکردنی دۆخێك بۆ بەباکردنی خەیاڵ و حەز و دونیای وەهمییان.

**سەرچاوەکان:**


- قورئانی پیرۆز.

**یەکەم: کوردی:**

- خاڵ، شێخ محەمەدی، فەرهەنگی خاڵ, (٢٠٠٥), هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- خۆشناو، هێمن عومەر، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی, (٢٠١٦), هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی, (٢٠١٠), هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
- شرفکندی، عبدالرحمن، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی»، ویراستیار: محمدماجد مردوخ روحانی, (١٩٩٠), تهران، انتشارات سروش.
- کەسنەزانی و بەرزنجی، بوشرا، د.سەباح، فەرهەنگی پیران (سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان), چاپی یەکەم، (٢٠٢٣), سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- موددەریس، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: دیوانی مەلەوی, (1384), سنە، انتشارات کردستان.

**دووەم: عەرەبی:**

- أبوعبدالله، الحسين بن أحمد الزوزني، شرح المعلقات السبع, (١٩٩٣), لبنان، الدارالعالمي.
- الدميري، محمد بن موسى بن عيسى بن علي، حياة الحيوان الكبرى, (١٤٢٤ هـ)، بيروت، دار الكتب العلمية، الطبعة: الثانية.
- الحفني. عبدالمنعم، معجم مصطلحات الصوفية, (١٩٨٠), بيروت، دار المسيرة.
- نواجي، محمد بن حسن، حلبة الكميت في الأدب والنوادر والفكاهات المتعلقة بالخمريات, (١٩٩٨), القاهيرة، الهيئة العامة لقصور الثقافة.
- عربي، محى الدين ابن، الفتوحات المكيه، بدون سنه الطبع، بيروت، بدون سنه الطبع.
- ويب، اسلام ويب، المقالات، ٢٠١٣/٤/١١.

**سێیەم: فارسی:**

- باباسعيدي، گل، فرهنگ اصطلاحات عرفانى ابن عربى، چاپ دوم, (١٣٨٤)، تهران، انتشارات شفيعى.
- لاهيجى، محمد، مفاتيح الاعجاز فى شرح گلشن راز, (١٣٨١), تهران، نشر علم.
- عراقي، فخرالدين، رساله لمعات و رساله اصطلاحات, (١٣٥٣), تهران، چاپ فيردوسى.


# الســكر بكامل الوعي

# بحث في مفاهيم و كلمات مثل (الاناء و الكأس و الشراب و الخمر و الساقي، الخ) في ديوان الشاعر مولوي

# (دراسة وصفية)

**المستخلص**


في هذه الدراسة سننظر إلى عالم السكر الخاص عند المولوي، الذي دفعنا إلى عنونة بحثنا ب " **الســكر بكامل الوعي**". ففي هذه الدراسة نرى عالم السكر عند مولوي الشاعر، على عكس وجهة التقليدية التي ترى في السكر فقدانا للوعي، فهو بالنسبة لمولوي، نوع من الصحوة، لكنه ايقاظ للأجزاء المظلمة و المبهمة من الجسد و الروح. اذ هو أضاءة لظلمات لاتكون مشرقة كفاية في ساعة الصحو والوعي.

يتكون هذا البحث من جزئين، سنتناول في الجزء الأول المعنون (حانة الشعر) عند مولوي و قصائده، اذ يدور البحث حول (السكر و اللاوعي و الخيال) في تلك الحانة التي يصفها الشاعر، سواء في واقعها أو في صوفيتها، ويتم دراستها دراسة دقيقة ومعمقة مع سبر غور تلك المفاهيم و المفردات الخاصة بها كالاناء و الكأس و الشراب و الخمر و الساقي.

وفي القسم الثاني بعنوان (**السكر و الوعي**)، سنناقش أنه في الجانب الصوفي من عالم الشاعر مولوي المرتبط بحالة السكر مع الوعي التام، التي تنعكس على العالم الخارجي.


sjh@univsul.edu.iq

أن السكر الصوفي عند مولوي هو تنشيط الحواس، فالحواس ليست منسجمة مع النظام و العالم و التفكير السائد، فطغيان الفكر المنغلق و محرمات الدين و القانون جعلت الشعور مخبئا لتلك الافكار و الرغبات و الغرائز التي لاتجد قبولا في العالم و النظام الذي نعيشه و التي في أحسن الأحوال تحتاج الى تزويق و تطبيع و تلطيف و تغيير في سبيل التعبير عنها أحيانا. و عندما يقوم السكر العرفاني لدى المولوي بتنشيط هذا الجانب و يسلط الضوء عليه، فان البعد العميق للوعي في حالة السكر تصبح مصدرا لإثارة للتساؤلات و الشكوك حول النظام و الحياة بشكل عام.

بالنسبة للمولوي فإن السكر هو نوع من الوعي ضد الخضوع الذي استعبد الإنسان للقوى الخارقة و ثقافة الشارع و التي في ظلها أخذت حياته نمطا بسيطا من أنماط الأمال و الاحلام العادية التي لاتتعدى سوى تأمين بعض ضروريات العيش في هذه الحياة أوالتطلع الى نيل ثواب الآخرة. فأن الرأسمالية نفسها جعلته من الضروريات فأفقدت الإنسان حياته في هذه السوق وأخرجته من بعده الكوني.

وأن إنسان هذا العصر يأخذ عددا أقل من القرائن التي تقوده إلى الأبعاد الغامضة و السرية و الخفية و العميقة لقلبه، لكن السكر (و بالأخص عالم السكر الخاص بمولوي) يمكنه و يجوز له أن يفعل ذلك. ففي سياق هذا البحث الوصفي سنستعرض جميع أشعار مولوي و نلقي الضوء على عدة مفاهيم صوفية مع اسناد الدراسة بعدد من المصادر و اختتامه بمستخلص باللغتين العربية و الانكليزية.

**الكلمات المفتاحية:** الخمر، النبيذ، السكر، الخيال، الساقي، الحانة، الكأس.

## Drunkenness with Full Consciousness
## A Research in Concepts and Words such as (vessel, cup, drink, wine, and the sommelier) in the Collection of the Poet Mawlawi
## (A descriptive study)

**Abstract**

In this study, we will explore the world of drunkenness in Mawlawi's poetry, which led us to title our research "Drunkenness with Full Awareness." In this study, we see the world of drunkenness in Mawlawi's eyes as a type of consciousness, contrary to the traditional view that sees drunkenness as a loss of consciousness. For Mawlawi, it is a kind of consciousness to the dark and ambiguous parts of the body and soul.

This research consists of two parts. In the first part titled "The Tavern of Poetry" in Mawlawi's poems, we will delve into the themes of drunkenness, unconsciousness, and imagination in that tavern described by the poet, whether in its reality or in its Sufi realm. It will be studied meticulously with an exploration of concepts and vocabulary such as the cup, drink, wine, and the sommelier.

In the second part, entitled "Drunkenness and Awareness," we will discuss the Sufi aspect of drunkenness in Mawlawi's world, linked to a state of drunkenness with full awareness that reflects on the external world. The Sufi drunkenness in Mawlawi's view is a stimulation of the senses, as the senses are not in harmony with the system, the world, and prevailing thoughts. The dominance of closed-minded thinking, religious prohibitions, and legal constraints have made feelings a hiding place for those ideas, desires, and instincts that do not find acceptance in the world and the system we live in. They often need embellishment, normalization, softening, and change to express them. When Mawlawi's mystical drunkenness activates this side and sheds light on it; the deep dimension of awareness in a state of drunkenness becomes a source of questioning and doubts about the system and life in general.

For Mawlawi, drunkenness is a type of awareness against submission, where humans have been enslaved by supernatural forces and street culture, leading to a simple life pattern of basic necessities or seeking rewards in the afterlife. Capitalism itself has made it a necessity, which deprives humans of their lives in this market and take them out of their cosmic dimension. People in this era take fewer clues leading them to the mysterious, secret, hidden, and deep dimensions of their hearts, but drunkenness (especially Mawlawi's world of drunkenness) is able and is appropriate to do so.

sjh@univsul.edu.iq

In the context of this descriptive research, we will review some of Mawlawi's poems and shed light on different Sufi concepts, supported by various sources, and conclude with an abstract in both Arabic and English.

**Key words**: wine, alcohol, drunkenness, imagination, sommelier, tavern, cup.